28/03/08 Kurdish Sorani

# يارمەتی *Section 4
## كۆپنی زیاتر

هەندێک کەس کە یارمەتی *Section 4 UKBA (Home Office) وەردەگرن ئێستا دەتوانن داوای کۆپنی زیاتر بکەن. ئەم نامیلکە ڕوونی دەکاتەوە کە چ کەسێک دەتوانێت داخوازی بدات وە بۆ چ شتێک دەتوانێت داخوازی بدات.

**هەموو کەسانێک کە یارمەتی *Section 4 وەردەگرن دەتوانن داوای کۆپنی یارمەتی زیاتر بکەن بۆ:**

1. **یارمەتی سەفەر بۆ فاسڵەی زیاتر لە 3 مایل -** ئەگەر ئەو سەفەرە:
   - بۆ دەرمان یان چاودێری تەندروستی بێت (دەبێت بەڵگەی چاوپێکەوتنەکە لە نێو فۆرمی داواکاریەکە دا بێت)؛ یان
   - بۆ تۆمارکردنی لەدایکبوونی منداڵێک بێت.
2. **بەڵگەنامە لەدایکبوون –** بۆ دانی پارە و خەرجی وەرگرتنی بەڵگەنامەیەکی تەواوی لە دایکبوون.
3. **پەیوەندە تەلەفۆنیەکان و نامەکان:**

بۆ دانی خەرجی پەیوەندیە تەلەفۆنیەکان و ناردنی نامە/ بەڵگە بۆ:

- پزیشکەکان / چاودێرانی پزیشکی
- پارێزەرێکی شیاو بۆ دابینکردنی ڕێنوێنی دەربارەی کۆچبەری
- دادگا یان شوێنێکی دیکەی دادوەری
- خزمەتگوزاری *One Stop
- دەستەی ڕاوێژکاری هاوولاتیان (Citizen's Advice Bureau)*
- دەسەڵاتدارانی ناوچەکە
- بەرپرسێکی کۆچبەری؛ یان
- *Home Office (UKBA)

**یارمەتی زیاتر بۆ ژنانی دووگیان و باوک و دایکانێک کە منداڵی ژێر 16 ساڵانیان هەیە:**

4. **کۆپنی وان- ئاف (250 پاوند) بۆ هەر منداڵێکی نوێ –** تۆ دەتوانی لە ماوەی کەمتر لە 8 هەفتە پێش کاتی چاوەڕوانکراو بۆ لە دایکبوونی منداڵەکەت یان 6 هەفتە پاش لە دایکبوونی ئەو داوای ئەم یارمەتیە بکەی.

5. **کۆپنی هەفتانەی زیاتر بۆ ژنانی دووگیان و منداڵانی ژێر سێ ساڵان:**
   - کۆپنی زیاتر بە بڕی 3 پاوند بۆ هەر هەفتە لە ماوەی دووگیانی دا
   - کۆپنی زیاتر بە بڕی 5 پاوند بۆ هەر هەفتە بۆ منداڵی تازە لە دایکبوو هەتا تەمەنی یەک ساڵان
   - کۆپنی زیاتر بە بڕی 3 پاوند بۆ هەر هەفتە بۆ منداڵی یەک ساڵان هەتا تەمەنی 3 ساڵان

6. **کۆپنی زیاتری هەفتانە بۆ جلوبەرگی منداڵان:**
   - کۆپنی زیاتر بە بڕی 5 پاوند بۆ هەر هەفتە بۆ هەر منداڵ هەتا کاتی 16-هەمین ساڵهاتی لە دایکبوون

7. **پێداویستیە تایبەتیە ئیستسناکان:**

- ئەگەر پیداویستیەکی ئیستسنا بۆ سەفەرکردن، تەلەفۆن، نامە هەناردن/کەرستەی نووسین یان پێداویستیە بنەڕەتیەکانی ژیان هەبێت، کە ئەو یارمەتیانەی سەرەوە نایگرێتەوە، دەتوانی داوای یارمەتی بۆ بکەی وە دەبێت لە گەڵ داخوازیەکەی خۆت بەڵگەی پێویستیش پێشکەش بکەی.

**چۆن داخوازی بدەی:**

فۆرمی داخوازی لە سەر ماڵپەڕی *UKBA هەیە. هەموو کەسێک، لەوانە دابینکەری شوێنی ژیان، دەتوانێت یارمەتیت بدات بۆ ئەوە لەبۆ کۆپنە زیاترەکان داخوازی پێشکەشی *UKBA بکەی. ئەگەر داخوازی تۆ ڕەت بکرێتەوە، ناتوانی داوای پێداچوونەوە بکەی.

1. **بۆ مەوردەکانی چارەسەرکردنی داوای یاسایی** (ئەوانەی کە پێش ئاپریلی 2007 داوای پەنابەریان کردووە):

فۆرمی داواکاری فەکس بکە بۆ تیمی *Croydon Section 4 - فۆرمی داواکاری لە سەر ئەم ماڵپەڕەیە:
http://www.bia.homeoffice.gov.uk/sitecontent/applicationforms/asylum/caseresolutionsection4provision

2. **ئەگەر تۆ یک NAM caseowner**ـت هەیە (ئەوانەی کە پاش ئاپریلی 2007 داوای پەنابەریان کردووە):
فۆرمی داخوازی بنێرە بۆ خاوەن کەیسی تیمی پەنابەریی ناوچەکە
http://www.bia.homeoffice.gov.uk/sitecontent/applicationforms/asylum/section4provision

هەمیشە دەبێت بەڵگەی سەلمێنەری پێویست لەگەڵ داخوازیەکە پێشکەش بکرێت:
- بەڵگەی پێداویستیە پزیشکیەکان
- یان یەک *MATB1، یان بەڵگەی لەدایکبوون (ئەمە لە حاڵەتێک دایە کە منداڵەکەی پێشتر لای *UKBA تۆمار نەکرابێت)

ئەگەر تۆ هەرچەشنە پرسیاریکت هەیە یان دەربارەی داخوازیدان هەرچەشنە گرفتێکت هەیە، تکایە لەگەڵ دابینکەری شوێنی ژیانی خۆت قسە بکە یان لەگەڵ ئاژانسی ئامۆژگاری لە ناوچەکەت بەم ناونیشانە پەیوەندی بکە:

*ئەم وشانە ناوی ئینگلیسی هەندێک ڕێکخراون یان هەندێک وشەی دیکەن کە ناکرێت وەریانبگێرینەوە. تکایە لە یاریدەری ئامۆژگاری داوا بکە واتای ئەو وشانە بۆ تۆ ڕوون بکاتەوە.



Other leaflets are available at http://languages.refugeecouncil.org.uk